کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-5-2007 0:10

## نامەیەک لە پێشوازی مەعشوقەکەم دا... سەروەر کەریم

بەهاتنی مەعشوقەکەم لەووڵاتی بەفرەوە (خەزان) پێشکەشە.

ژیان تەقوای عارفێکە لەنەبوون دا،
بەشوێن هەناسەکانی بووندا دەگەڕێ.
عەشق سرووتی سۆفیەکە،
شەونم دەبەخشێتە باخچەی بەیان.
بوون فەلسەفەی ئاوە!
تریفە دەداتە کانیاوەکانی شەوان.
مانگ ژوانی ئەستێرەیەو،
وێنەی خۆی بەکەنار دەریا دەدات،
لەتەنهایی شەوی یەڵدادا...
ئەمانە تەجەلاو خەونی عاشقێکن،
کەدەیەوێت هەناسەکانی موحیبەت بنوسێتەوەو،
شیکاری فیزیای ژیان بکات.
ڕەنگە پەمەییەکانی عەشق ئەزبەربکات.
تاخەونی نەورەسەکان بەسەرنەچێ و،
یادەوەریەکانی خەونی بەیان بنوسێ.
لەحزوری هاتنی یاردا
مانگ بهێنێتە ئاستی چاوەکانی و،
کڕنۆش بەخۆربەرێ و،
سەما بەئەستێرەکان بکات.
ئای خەونی هاتنی یار!
لەم بەهاری لالەزارەدا،
ئەوخەونانەت لەکوی بوو؟
ئەو سیما ڤینۆسیەت لەکوی هێنا؟
بۆ ووڵاتی چیاو،
خەونت بەخشییەوە دڵی ماندووم.
دڵێك لێوان... لێو لەسەراب.
هەزاران ساڵ بوو هیچ خودایەك،
گوی بۆ نزای نەدەگرت و،
هیچ عارفێك بۆی شیكار نەدەكرا...
ئەی مەعشوقەکەم:
تۆبەهاتنت سیماکانی بوونت گۆڕی،
ئاسمانی شارت کردە چراخان.
دەشتە پڕخارەکانت وێران کردو،
دنیایەك لەگوڵ و پەپولەت پێبەخشیم...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئای ڤینۆسەکەم:
هاتنت ڕوحمی گەیاندەوە بەزناری عەشق و،
گەڕامەوە ئاسمانی موحبەت و،
سیما دزێوتەڵخەکانی ژیان ڕەویەوە...
ئێستا ئاسمان سیمای کۆترێکی سپیەو،
پەروانەکانی عەشق سەمای تیا دەکەن.
باخچەکان شوێنی ڕاموسانی کەناریەکانەو،
شەقامەکانی شار ژوانی یارانە.

2007/5/6تا 2007/5/16

تەجەلا: بەمانای پاڕانەوە دێت
ڤینۆس: مەبەست خوای جوانی
لالەزار: مەست دەشتێکی پڕلەگوڵ و گوڵزارە
خار: بەمانای دەشتێکی پڕلەدڕك و داڵ دێت
زنار: بەمانای سەرلوتکەی چیادێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.